بۆکان لە مێژوودا (٢٢)                    ئەنوەر سوڵتانی

## هەژار و بۆکان

مامۆستای نەمر هەژاری موکریانی لە مەهاباد لە دایک بوە بەڵام ماوەیەکی زۆری تەمەنی لە بۆکان و هەروەها گوندی "شەرەفکەند"ی ڕۆژئاوای بۆکان ژیاوە و وەک نوێنەری شاری بۆکان لە کۆبوونەوەی ساڵانی سەردەمی کۆماری کوردستان(١٩٤٦) لە مەهاباد بەشداری کردوە و لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کۆمار لەسەر قەڵای بۆکان شیعری خوێندۆتەوە:

"لاوەکان! ناموسی نۆ ملیۆنە ئەم ئاڵایەمان
هەرکەسێ خۆشی نەوێ، ڕەببی وەبەر خەنجەر کەوێ!"

شیعر و بیرەوەرییەکانی مامۆستا لە زۆر شوێندا بۆکان دەگرنەوە. من پێشتر باسی بیرەوەرییەکانیم لە بەشی ١٠ی ئەم زنجیرە وتارەدا کردوە و لێرە دەست-نیشانی شیعری پێوەندیدار بە بۆکان دەکەم.

١- هەژار لە ساڵی ١٩٤٦ دا یارمەتی مامۆستای نەمر حەسەن قزڵجی داوە و پێکەوە، شیعری خۆی بە ناوی "سلسلە مەشایەخی نەقشبەندی" یان لە چاپخانەی بۆکان چاپ کردوە. قزڵجی بەرپرسی چاپخانەکە بوو لە بۆکان و گۆڤاری هەڵاڵە و دیوانی قانعیش هەرلەوێ چاپ کرا، مامۆستا هەژار لە ساڵانی دواتردا هەولی چاپ کردنەوەی ئەو شیعرەی نەدا و ئەوەندەی من بزانم چاپی بۆکانی شیعرەکە یەکەمین و دوایین چاپیەتی.

٢- بەرەو موکریان : بەشی کۆتایی سەفەری خەیاڵی هەژار بۆ موکریان، بەشی بۆکانە و لەوێدا باس لە شارەکە، قەڵا، حەوزەگەورە و هەندێ کەسایەتی بۆکان وەک سەردارەکان، مەلا ئەمجەد عەبدوڵڵای، مەلا عەبدوڵڵا حەسار، قازی کاکە حەمەی قزڵجی، کاک سەعدی موهتەدی(شێرە چۆبینە)، ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە(پیرە شاهۆی قەرەگوێز)، حاجی ڕەحمان ئاغای موهتەدی(برای ڕاست)، کاک سەلاح موهتەدی(مچە گردەڵ) و کاک محەمەد ئێلخانی زادە(کاوە)، نەمر سەید کامیل ئیمامی(ئاوات) و گوندی تاراوا و شێخلەر و وشتەپەی بۆکان ی کردوە، بەڵام بە گشتی خەڵکی بۆکانی داوەتە بەر تەوس و پلار:

"پیاو نەمان و ئەوەی مان خوێڕی بون ..." یا :
"کوردەناموسی فرۆشرا بە چڵە ... "(بۆ کوردستان، لل ١٤٣ تا ١٤٦)

٣- لە چاپی سێهەمی کتێبی بۆکوردستاندا هەندێ بابەتی کۆنی سەردەمی ژیان لە بۆکان لە چاپەکەی پێشوو زیاد کراون کە بەشێکیان پێوەندیان بە بۆکانەوە هەیە :

- نامەیەکی شیعری بۆ ڕۆژنامەی کوهستان چاپی تاران، کە تەئریخی ١٣٢٣(١٩٤٤) و ناوی بۆکانی بەسەرەوەیە(لل ٢٧٢ و ٢٧٣)،
نامەی کوهستان! ئەو ئەستێرەیەی تۆ
ورشەی پرشنگت دای لەهەردوبۆ

- کاوێژی لەمێژینەیەک : شیعرەکە تەنزێکە باسی هاتنی مانگی ڕەمەزان دەکات و پێشکەش بە ئەحمەد ئاغای ئێلخانی زادە - باوکی کاک سوارەی نەمر کراوە و تەئریخی ڕەمەزانی ١٣٢٢(١٩٤٣)وناوی بۆکانی بەسەرەوەیە. لە سەرەتاکەشیدا ناوی "قۆچ بەگ"ی فەیزوڵڵابەگیشی بردوە(لل ٢٧٧ و ٢٧٨
"شابان بۆ سەفەر گرتی تەدارەک      لێم وەژوور کەوت مانگی مەبارەک"

- دوای ئەو شیعرەی باسی لێکرا، شیعرێکی دیکەش لە چاپی دووهەمی بۆکوردستاندا هەیە لە عینوانەکەی ئاوایە : "ڕەمەزان نامەی ١٣٢٣ بۆکان" و بەم مەقطەعە دەست    پێ دەکات :

" خێلەکەی شەعبان هەر کۆچی لێنا     مانگی مەبارەک تەشریفی هێنا"

ئەم شیعرەش تەنزە و پێشکەش بە ئەحمەد ئاغا کراوە.

هەژار،بۆکوردستان، چاپی سێهەم، چاپی جەواهیری، تاران، بەفرانباری ١٣٥٨(١٩٧٠).